# چاپخانەی کوردستان مێژووی یەکەمین چاپخانەی کوردی

م.د محمد خدر مولود
زانکۆی جیهان
بەشی ڕاگەیاندن

**الخلاصة :-**

ان الاحتلال وانتشار الامية و انخفاض المستوى الثقافي في المجتمع و الوقوع تحت طائلة الاحتلال العثماني، تعد من اهم الاسباب التي ادت الى تأخر الكورد في اللحاق بركب الصحافة والاعلام مقارنة مع الشعوب المجاورة.

كانتا السبب الاكثر تأثيرا في التأخر التكنولوجي واستخدام المطابع

حيث تشير الوثائق التاريخية انه غي عام ١٨٩٨ م قد صدرت اول صحيفة كوردية في القاهرة بأسم (كوردستان) وتعد هي اول صحيفة تصدر باللغة الكوردية خارج كوردستان.

ويستدل من شعر المؤرخ والصحفي (حوزني موكرياني)على ان تأخر الصحافة الكوردية كان لاسباب تتعلق ليس فقط بالاحتلال العثماني في تلك الفترة انما ايضا بالفقر والجهل والتخلف.

ويعد (حوزني) هو اول من احظر مطبعة الى كوردستان واسسس مطبعة كوردية بأسم (زارى كرمانجى-كوردستان) حيث استطاع بذلك ات يتجاوز ويعالج مشاكل عديدة تتعلق بالصحافة والتكنولوجيامنذ سنة ١٩١٥في حلب و رواندزو اربيل و في سليمانيه.

وقد عرفت هذه الفترة ب فترة النهضة والثورة الوطنية والقومية للشعب الكوردي .

ولهذا يعد حوزني هو احد المؤسسين الصحافة والمطبعه الكوردية في كوردستان العراق. وكذلك يعد (حوزني واخاه) من الصحفيين والمؤرخين المبدعين في مجال الصحافة الكوردي من حيث التأليف والكتابة وتصميم الصحف واغلفة الكتب وتصميم الحروف الكوردية للطباعة.

Ottoman occupation is one of the most important reasons for the spread of ignorance, illiteracy and low cultural level in society, which delayed the Kurds to catch up with the press and the media compared


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

with neighboring. The illiteracy and ignorance of Kurds about the importance of the media were the major reasons, which pulled them back for the use of most influential technology and modern printing press. But there are no real evidence to prove or confirm that these were the reasons behind the delay of Kurdish in the field of journalism the first ١٨٩٨and media. Some historical documents indicate that in Kurdish newspaper in Cairo issued under name (Kurdistan), which was the first newspaper published in Kurdish language outside Kurdistan. The (Hosne) is the first printing press who brought foundations to Kurdistan and a Kurdish Press on behalf of (ministerial Krmigy), where he was able to address many problems related to the press and . This period was known as the Renaissance period ١٩١٥technology since and the national revolution of the Kurdish people. Therefore, (Hosny) is one of the founders of press in Kurdish to Kurdistan, Iraq. As well as (Hawzni and his brother) prepared the journalists and creative historians in the field of Kurdish journalism in terms of writing and designing for .newspapers, Book covers and design for Kurdish letters to print

## پێشەکی:

گەرنەتەوەی کورد لەچاونەتەوەکانی دەوروبەری درەنگتر ئاشنای رۆژنامەو کاری رۆژنامەگەری بووبێت، هۆکاری ژێردەستەیی و زاڵبوونی نەخوێندەواری ونەبوونی ولاوازی هوشیاری (تاك وكۆمەڵ) لەهۆکاری هەرە لەپێشەوەی هۆکارەکان دەبن،بڵاوبونەوەی نەخوێندەواری و تێنەگەیشتنیش، لەپەتا هەرەکوشندەکانی ئەو سەردەمە دەبێت. هەربۆیە کورد لەچاونەتەوەکانی دیکە درەنگتر ئامێری چاپکردنی رۆژنامە گۆڤار دادەمەزرێنێت و درەنگتریش بەخۆدەکەوێت کتێب چاپ بکات.

ئەم پەیڤەی سەرەوە بەلگە هەڵنەگرە، چونکە دەرچوونی رۆژنامەی (کوردستان ١٨٩٨)، لەقاهیرە وپاشان لەوڵاتانی دیکە ولەدەرەوەی زێدی نیشتمانی خۆی، داگیرکردنی خاك وژێردەستەیی کورد دەگەینێت .

ئەم گوتەیەی حوزنی موکریانیش: لەم عەسرەدا پێشکەوتن وتەرەقی ئەساسی لەسەردوو کارداەمەزرێ: یەك مەتبووعات، دووەم مەکتەب ئەوە دەسەلمێنێت کەوا کورد وەك نەتەوە نەك هەر ژێردەستەی نەتەوەکانی دەورووبەری بووە، بەڵکو بەگشتی نەخوێندەوار و جاهیل و هەژارو پاشکەوتووش بووە.

لەوسۆنگەیەوە سەرهەڵدانی رۆشنبیرێکی مەزنی وەك حوسێن حوزنی موکریانی، بەهێنان ودامەزراندنی چاپخانە بۆکوردستان و پاشان دامەزراندنی بەیەکجاری لەشاری دێرینی هەولێردا بەناوی (چاپخانەی کوردستان) لەپرۆسەیەکی نیشتمانی رۆشنبیری پڕ لەگرفت و دەردەسەری بەر لە١٠٠ساڵ ،سەرەتای ئاشناکردنی کوردەبە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

تەکنەلۆجیای ئەوسەردەمەی چاپ وبڵاوکردنەوە،خاڵی وەرچەرخانی مێژووی کوردە .هەروا بە سەرهەڵدانی قۆناغی ڕێنساس و شۆرشی رۆشنبیری نیشتمانی نەتەوەیی کورد دەژمێردرێت .

گەریەکەمین کارویەکەمین بنیات نان، دامەزراندن بێت، ئەوا شکاندنی بەستەڵەکی باو وتەقلیدی دەفگرتووی نێوکۆمەڵیشە. لەم روانگەیەوە

حوزنی رابەرو پێشەنگە، لەگەڵ گیوی موکریانی برای ئەوشانازییەیان بەردەکەوێت، کەوا بەم جۆرە پێناسەیان بکەین:

لەو کەڵەپیاوانەی مێژوون کەوا بەنووسین وهونەری نەخشەکێشان وکلێشەی بەرگی کتێبان و هەڵکۆڵینی پیتی کوردی، چاپکردنی گۆڤارو کتێبیان بۆکورد هێناوەتە بوون. ئەم کەڵەپیاوانە بە بەخشش وئەفراندنیان، زیندوویەتی وبەردەوامی و دەوڵەمەندییان بەژیانی رۆشنبیری نەتەوەکەیان بەخشیوە، و لەنێو مێژووی کوردا شادەمارێکی زیندوون.

## بەشی یەکەم : میتۆدنامەی توێژینەوەکە

١.  هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:

أ.  کەمیی توێژینەوەی ئەکادیمی دەربارەی مێژووی چاپخانەکان و سەرهەڵدانی چاپخانە لە کوردستان.

ب. زانیاریی زۆری توێژەر دەربارەی مێژووی چاپخانەو سەرهەڵدانی چاپخانەکان.

٢.  کێشەی توێژینەوەکە:

گرفت یا کێشەی توێژینەوەکە چارەسەرە بۆ گرفتێکی دیار کراو، لەسەر توێژەر پێویستە بەر لەوەی دەست بە شیتەڵ کردن و لێکدانەوەی باسەکە بکات و هەنگاو بنێ، پێویستە گرفت یان کێشەی بابەتەکە بە ڕوونی دیار بکات، چونکە ئەو هەنگاوە توێژەر، بەرچاو ڕوون دەکات و پەیکەری توێژینەوەکەی دادەڕێژێت، هەر لە دانانی پلان ئەو میتۆد و زانیاریانەی کە بۆیان دەکاتەوە و خزمەت بە دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە دەکات (گعمە،١٩٨٧، ص٤٩)

٣. بایەخی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە هەم بۆ پسپۆڕانی بواری راگەیاندن گرنگیی تایبەتی خۆی دەبێت و دەکرێت وەك سەرچاوەیەکی زانستی بەکاربهێنرێت.

٤. ئامانجی توێژینەوەکە:

هەموو توێژینەوەیەك ئامانج و مەبەستی خۆی هەیە ، بۆ ئەوەی بەهای زانستی تێدا بەرجەستە بێت ، ئامانجیش لە هەر توێژینەوەیەك ئەوەیە کە ئاخۆ بۆچی ئەو توێژینەوەیە ئەنجام ئەدات چ زیادەیەك دەخاتە سەر ئەو بابەتە(صحاب ، ٢٠٠٦ , ص٣٨)

ئەم توێژینەوەیەش لە پاش خستنە ڕووی گرفت و بایەخی توێژینەوەکە لە پێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجە هەوڵدەدات:

١)  تا چەند چاپخانە بووەتە هۆی پێشکەوتنی بزاوتی رۆژنامەگەری لە جیهان و کوردستاندا .

٢)  تا چەند چاپخانە و جۆرەکانی کاریگەرییان لەسەر رۆژنامەی کاغەز هەبووە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٥. میتۆدی توێژینەوەکە:

مەبەست لە میتۆدی توێژینەوە ئەو ڕێگایەیە کە دەبێتە مایەی دۆزینەوە، زانستی لەناو زانستە جیاوازەکاندا ئەوەش لە ڕێگای گرتنەبەری کۆمەڵێك ڕێسای گشتی کە کۆنترۆڵی بیر بۆچوونەکان دەکات و پرۆسەی نووسین بە ئاڕاستەی گونجاو دەبات تا دەگاتە ئەنجامێکی زانرا و شیاو. (قندلجی, ١٩٩٣، ص٢٥)

لەم سۆنگەیەشەوە توێژەر میتۆدی (وەسفی) بەکارهێناوە بۆ کاری مەیدانی توێژینەوەکە.

## بەشی دووەم: ئامێری چاپ و سەرەتای سەرهەڵدانی

### یەکەم/ ئامێری چاپ

بۆ یەکەم جار لە چینییەکانەوە دامەزرا دواتر دوا چەند سەدەیەك گەیشتە ئەوروپا و لە ئەڵمانیا لە لایەن گۆتنبێرگەوە داهێنرا، یەکێکە لەو دەسکەوتە هەرە گەورە و مەزنانەی کە سەرجەم مرۆڤایەتی قەرزدارێتی. ئەم ئامێرە بووە مایەی خۆشبەختی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بابەتیان لێرە و لەوێ لە شێوەی گێڕانەوە و حیکایەتخوان و مەنەلۆج دەگێڕایەوە و لەبەریان دەکرد، چاپخانە بووە هۆی ئەوەی کە ئەم نووسینانە لە لەناوچوون بپارێزێت، ئیتر لەوکاتەوە بە هەزاران چاپخانە لە سەرتاسەری جیهاندا دروست بوون و بە ملیۆنان بڵاوکراوە و کتێب و نامیلکە و ڕۆژنامە و گۆڤار چاپ دەکەن، بۆیە سەرتاپای جیهان ئەمرۆ قەرزداری دەستی گۆتنبێرگ و داهێنەرانی چاپخانەیە.

لە ڕۆژهەڵاتدا یەکەم نەتەوە چینییەکان بوون لە دەوروبەری کۆتایی سەدەی شەشەمی زایینییەوە فێربوون لەسەر پارچە تەختەی گەورە پیت و وشە و وێنە بە ڕێکوپێکی هەڵکەنن و بە هۆی مەرەکەبی ڕەنگاوڕەنگەوە چەند هەزار دانەیەکی لێ چاپ بکەن. (ئەحمەد، ١٩٧٨، ل٢٤)

هەرچەندە ئەم دۆزینەوەیە گرنگ بوو، بەڵام ئەنجامی کەم و کێشەی زۆر بوو، وێنە چاپ کردن ماوەیەکی زۆری دەویست. بۆیە دەوترێت چینییەکان یەکەم نەتەوە بوون بەر لە ئەوروپییەکان بە نزیکەی چوار سەدە یەکەم هەنگاویان نا بۆ دروستکردنی ئامێرێك، کە تاڕاددەیەك لە مەکینەی چاپ دەچوو. (جەباری، ٢٠٠٩، ل٩-٨)

هەر چینییەکان بوون توانییان هونەری چاپ بەشێوەی نوێ بەکار بهێنن، لەسەر قاڵبی داریی بە شێوازی جۆراوجۆر لە پیت و وێنەی جیاواز، کە کەرەستەکانی بریتیبوون لە مەرەکەب لەسەر تەختە هەڵکۆڵراوەکە و بەکارهێنانی کاغەز بۆ چاپ کردنی. (alargam@alargam.com)

ئەگەر بمانەوێت بەدوای کۆنترین ڕۆژنامەدا بگەڕێین لە جیهاندا ئەوا ڕۆژنامەی (کین بان(ی چینییە لە ساڵی ٩١١ پ ز دەرچووە، کە بە زمانی ڕەسمی حکومەتی چین کە باوەڕیش وایە ئەم ڕۆژنامەیە تا ئێستاش بەردەوام بێت. (جەباری، ٢٠٠٤، ل٥٢)

ئاماژە بەوە دەدرێت بەر لە داهێنانی چاپ و نووسین ڕەوتی ڕۆشنبیری دەماودەم دەگواسترایەوە، بۆیە پێویست بوو مرۆڤ بۆ زاڵبوون بەسەر گرفتەکانی ژیانیدا بیر لە شتی نوێ بکاتەوە و پەرە بە ئامێری چاپ بدات. (جەباری، هەمان سەرچاوە، ل٩)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## دووەم/ ڕۆڵی وڵاتان لە دۆزینەوەی ئامێری چاپدا

ئەگەر بێینە سەر وڵاتان و نەتەوە کۆنەکان و بیرۆکەی دۆزینەوەی چاپ دەبینین یۆنانییە کۆنەکان پێش وڵاتان هەوڵیان داوە لە هونەری دۆزینەوەی چاپ نزیك ببنەوە ئەویش لە ڕێگای مۆرەوە. نووسەری یۆنانی (بلۆتارکۆس) نزیکەی٥٠ ی زایینی لەدایك بووە بۆمان دەگێڕێتەوە کەپاشایەك بە ناوی (ئەگسیلاوس) لە کاتی ئاهەنگی پاداشت سەربازەکانی، وشەی نیکە NIKH)) بە مانای سەرکەوتن لە دەستی خۆی بە پێچەوانەوە دەنووسێت، بۆ ئاهەنگەکە ئاژەڵ دەکەن بە قوربانی پاشا دەستی نووسراوی بەسەر جەرگی ئاژەڵەکە دادەنێ و چەند چرکەیەك لەگەڵ سەربازەکانی قسە دەکا و دەستیشی هەر لەسەر جەرگی ئاژەڵەکە ماوە دواتر تەوقە لەگەڵ سەربازەکان دەکات وشەی (سەرکەوتن) بەڕاستی چاپ دەبێت، ئەم هەوڵە لە ڕاستیدا زۆر سوودی لێ وەرنەگیرا، وەکو مۆر مایەوە نەبوو بە چاپ. (سەپان، ٢٠٠٨، ل١٦٨)

لێرەشدا ڕۆمانی و یۆنانییەکان دوای چینییەکان دێن، کە هەوڵی دۆزینەوەی چاپیاندا (جەباری، هەمان سەرچاوە، ل٩) ئەگەر بگەڕێینەوە سەر چاپکردن هونەری لەچاپدانی (کارتی گەمە) بۆ یەکەم جار لە چین چاپکرا دواتر لە ڕێگەی عەرەبەکانەوە گەیەنراوەتە ئەوروپا. (سەپان، هەمان سەرچاوە، ل١٦٩)

لە کۆندا سوود لە دوو شێوەی چاپ وەردەگیرا، یەکێکیان بە ناوی مۆر ئەوی دیکەشیان بەناوی پەترۆن، لە مۆردا پیتەکان یان نووسینەکان بەرز بوون، لە پەترۆنیش بە پێچەوانەوە شوێنی پیتەکان قوڵ دەکران، میسرییە کۆنەکان سوودیان لە پەترۆن وەردەگرت بۆ نووسینی سەرگۆڕ و کێلەکان، بەڵام تا چ رادەیەك سوودیان لە هونەری پەترۆن وەرگیراوە بۆ داهێنانی چاپ، ئەوا جارێ لای هیچ کەس ئاشکرا نییە، لەزووشدا قەیسەرەکان لە جیاتی مۆری خۆیان پەترۆنیان بەکاردەهێنا، ئەو بەکارهێنانەش لای کەس ئاشکرا نەبوو، بەڵام ئەگەر باس لە مۆر بکەین، ئەوا لە سەردەمی بابلییەکانەوە بەکار هاتووە، ئەوان مۆریان بۆخشت دروستکردن بەکار دەهێنا، ڕۆمەکان وشەیان بە پێچەوانەوە دەنووسی و لە کاتی چاپدا بە ڕاستی دەردەکەوت و دەخوێندرایەوە بەم کارەشیان دەگووت تێسێرای سیگناتۆریا، یۆنانە کۆنەکانیش مۆریان بۆ کاری خۆیان بەکار هێناوە ئەو مۆرانە لە بەرد نەك لە دار دروست دەکران.

ڕۆمەکان مۆریان بۆ زۆر شت بەکار دەهێنا وەك، یۆنان، کتێبفرۆشەکانیش لەو کاتە مۆری خۆیان هەبوو، بەم جۆرە دەزانرا کتێبی ناوبراو لای کامە کتێبفرۆش نووسراوەتەوە یان ئامادە کراوە. (سەپان، هەمان سەرچاوە، ل١٦٩)

بۆ یەکەم جار لە ئەوروپا ئیسپانییەکان کراوە کارتی گەمەیان لە چاپ دا لە ١٣٨٨ز، لە لایەن نیگار کێشیوهاشی یەکەمی کاستێڵ، لە فەرەنسا لە ساڵی ٣٩٢ز لە لایەن هونەرمەند (یاکوێمین) گوینگونێوێر چاپکران، بەڵام چاپکردنی کارت بە شێوەی ئەمڕۆ بۆ یەکەم جار لە دەوڵەتی ئەڵمانیا بوو. ئەویش لە ساڵی ١٤٣٣ز لە لایەن کارت دروستکەر نورنبێرگەر بورگەربوچەر بوو. لە شاری ڤینێسیاش لە ساڵی ١٤٤١ کارتی گەمە بۆ یەکەمجار چاپکرا. (سەپان، هەمان سەرچاوە، ل١٦٩)

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە چاپخانە بەر لەوە لە داهێنانی لە لایەن (یوهانس گۆتنبێرگ)[1] بەم هەموو قۆناغانەدا تێپەڕیوە، کە زۆربەی وڵات و شارستانییە کۆنەکان هەریەکەیان بە شێوەیەك هەوڵی خۆیان داوە بۆ دۆزینەوەی چاپ و مۆر و کاغەز داهێنەری هونەری چاپ (یوهانس گۆتنبێرگ)ی ئەڵمانی، کە لە ناوەڕاستی گرێی سێیەمی سەدەی پازدەهەمیندا خەریکی داهێنانی چاپ )گۆتنبێرگ) پاش ١٣ ساڵ دواتر لە بووە شاری ستڕسبۆرگ بە قوڕقۆشم پیتی دروست کردووە بە شاراوەیی ئەم داهێنانەی داهێناوە، کە بە یەکێك لە دەنگەکانی چاپ دادەنرێت، کەواتە شوێنی یوحەنا گۆتێنبێرگ لە ١٤٠٠ بۆ ١٤٦٨ لە بەرەو پێشچوونی بیری شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا بە هۆی داهێنانەکەی ئەوەوە زادەی بیری زانایان بووە موڵکی هەمووان. داهێنانی چاپ لە ساڵی ١٤٣٦ای زاینییدا لەسەر دەستی )گۆتنبێرگ)ی ئەڵمانی شۆڕشێکی گەورە و بەرفراوانی بەرپاکرد، ئەو داهێنانە نوێیە بووە هۆی باڵوکردنەوەی هەواڵ بەناو خەڵکیدا بە شێوەیەکی ڕێکوپێك، هەروەها دەستێکی باڵای هەبووە لە بڵاوکردنەوەی وێژە و زانستیی بە ڕێگایەکی ئاسان، (گۆتنبێرگ) کۆششی زۆری کرد تاتوانی ئەم داهێنانە پەرە پێبدات، لە ساڵی ١٤٤٥ ئامێری چاپی دروست کرد، کە بە دەست ئیشی دەکرد پاش ڕێکخستنی لاپەڕەی پێویست بەپیتی نەچەسپاو، چەند لاپەڕەی مەبەست بوایە بەو مەکینەیە چاپ دەکرا و دواتر پیتەکانی دیسان بەسەر قاسەی تایبەتدا دابەش دەکرانەوە بۆ بەکارهێنانی جارێکی دیکە، کە لە سەعاتێکدا ئەم ئامێرە ١٠٠ لاپەڕەی چاپ دەکرد. (گیوی موکریانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو)

لە ڕۆژهەڵاتیشدا لە ساڵی ١٥١٤دا یەکەمین کتێب بە دەکرد ناوی (حلوات دینیە) لە دوایدا زەبوور بە چوار زمان چاپکرا. لە ساڵی ١٥١٦، کە عەرەبیش یەکێك بوو لەوانە، دواتریش لە سەدەی حەڤدەهەمیندا چاپخانەی (دیزفزحەیا) لە لایەن ڕەبەنێکی لوبنانییەوە دروست کرا بە پیتی سریانی. لە سەدەی هەژدەهەمیندا چاپخانە لە شاری حەلەب پەیدا بوو و کتێبێکی ئینجیلی بە عەرەبی لە ساڵی ١٧٠٢دا، پێ چاپکرا

لە ساڵی ١٨٢٢دا ئەمریکییەکان بۆ چاوڕاوی ئاینیی عیسایی چاپخانەیەکیان هێنایەماڵتا. لە ساڵی ١٨٤٨دا، چاپخانەی کاسۆلیکییان دامەزراند. لە ساڵی ١٧٩٨دا چاپخانە گەیشتە میسر، محەمەد عەلی کە دەستی بەسەر وڵاتی میسردا گرت، چاپخانەیەکی تێدا دامەزراند لە ساڵی ١٨٢٦دا، دواتریش چەندین چاپخانەی دیکە لە میسر دامەزرێنراوە. (ئەسعەد جەباری، هەمان سەرچاوە، ل١٣-١٢)

## سێیەم: دامەزراندنی چاپخانەی لە کوردستانی باشور

حوسێن حوزنی موکریانی ساڵی ١٩١٤ بەپارەوپولی خۆی ئامێرێکی چاپ لەئەڵمانیا دەکرێت و لەرێکەوتی ١٥-١-١٩١٥ لەبازاری سویقە لەحەلەب دایدەمەزرێنێت. لەساڵی ١٩٢٥ حوزنی وگیوی برای روو لەبەغدادەکەن وبۆماوەیەك تێیدادەمێننەوە لەساڵی١٩٢٦ دەچن بۆ رواندزو ئامێری چاپەکەیان لەوێ بەناوی (زاری کرمانجی) دادەمەزرێنن .

لەساڵی١٩٣٥ حوزنی ئامێرێکی دیکەی چاپ لەموسڵ دەکرێت و دەیهێنێتە هەولێر. پاش ماڵئاوای وکۆچی دوایی حوزنی، گیوی برای ئامێرەکەی چاپی رواندز دەگوازێتەوە هەولێرو لە٢٥-١٠-١٩٧٦دا گیوی موکریانی

[1] یوهانس گۆتنبێرگی ئەڵمانی لە ١٣٩٧ز دا لەدایك بووە، لەبەر هەرا گۆتنبێگ ناچار بووە لە ساڵی ١٤٣٤دا چووەتە ستڕسبۆرگ. گیوی موکریانی، دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان، هەتاو، گ ، ژ١٦٩، ساڵی شەشەم، ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٦٠


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەردووئامێرەکەی چاپی لەشەقامی (مزەفەرییە) لەهەولێر بەناوی (چاپخانەی کوردستان) دامەزراند. لەساڵی ١٩٥٩گیوی ئامێرێکی دیکەی چاپکردن لەئەڵمانیا دەکرێت و لەچاپخانەی کوردستان دایدەمەزرێنێت.

کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە یەکەم دامەزراندنی چاپخانە لە کوردستان دەگەڕێتەتەوە بۆ ساڵی ١٨٨١ز، کە لە لایەن والی و پاشاکانی عوسمانییەوە چاپخانەی (ویلایەت) دامەزراوە لە شاری کەرکووک دواتریش لە ساڵی ١٩١٨ز بۆ جاری دووەم چاپخانەیەك دەهێننە شاری کەرکووك، ئەم دوو چاپخانەیە بە دوو چاپخانەی بەرایی دەژمێردرێ لە کوردستاندا، بەڵام ئەم چاپخانانە بە زمانی تورکی و عوسمانی ڕۆژنامە و گۆڤاریان پێ چاپکراوە. (پیربال، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤)

هەرچی دکتۆر (کەمال مەزهەر ئەحمەد)ە پێیوایە یەکەم چاپخانەی کوردی لە شاری سلێمانی لە لایەن (مێجەر سۆن) ساڵی ١٩١٩ ز دامەزراوە، ئەمەش ڕاستە چونکە ئەو چاپخانەیە بۆ ئەدەبیاتی کوردی دامەزراوە و لە خزمەتی دەوڵەتی ئینگلیزدا بووە، بەڵام ئەو چاپخانەیەی کەرکووك کە باسمان کرد عوسمانییەکان خۆیان دایانمەزراندووە و بە زمانی تورکی عوسمانییەکان ئەدەبیاتی خۆیان پێ چاپکردووە نەك کوردی. (جەباری، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢)

ئەمە جگە لە چاپخانەکەی حسێن حوزنی موکریانی، کە پێشتر باسمان کرد کە لە ساڵی ١٩٢٥ز دا هێناویەتییە شاری ڕەواندز. هەر دوابەدوای ئەو چاپخانەیە، چاپخانەی (ژین) لە لایەن داگیرکەرە ئینگلیزەکانەوە لە شاری سلێمانی دامەزرێنرا، بۆ ئەوەی ڕۆژنامە و بەیاننامە و پڕوپاگەندەی پێ دەربکەن. (پیربال، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦)

ئەم مێژووەی سەرەوە لەنێوان ساڵانی(١٩١٤-١٩٥٩) چەندین ناونیشانن بۆ چەندین بابەت ولێکۆڵینەوە لەمەڕمێژووی دامەزراندنی یەکەمین چاپخانەی کوردی لەکوردستان دا . ئەوەندەی بلوێت لێرەدا بەکورتیش بێت لەسەرچەندقۆناغێکی گرنگی ئەومێژووە دەوەستێن وبەشرۆڤەی لێکۆڵەرەوان لایەنەپێویستەکانی قۆناغ و ڕۆڵی دامەزرێنەران حوزنی وگیوی دەخەینە ڕوو. (کوردستان موکریانی، گۆڤاری هەولێر زستانی، ٢٠٠١).

حوزنی وەك پیاوێکی رۆشنبیری مەزنی دنیادیتەی زمانزان،لەسەر دەمی خۆی دا بەرلەهەرشتێك بایەخی چاپ وبوونی چاپخانەی بۆکوردونەتەوەکەی بەپێویست زانیووە، بۆ پێشکەوتن و سەلماندنی بوونی خۆی وەك نەتەوە (بڵاوکراوە ـ رۆژنامە، گۆڤار، کتێب)ی بەلاوە زۆرگرنگ بووە (مەتبووعات ومەکتەب) لای ئەو(لەهەرە پێویستییەکانی ژیانی سەردەم) بوون.

کاتێك ژمارە(١)ی گۆڤاری زاری کرمانجی لە٢٥-٥-١٩٢٦لەرواندز چاپ وبڵاودەکاتەوە هۆی دامەزراندنی چاپخانەکەی لەنووسینێك دا بەناونیشانی (زاری کرمانجی وشێوونی) بەمجۆرە باس دەکات:

(هەرچەندە تەماشا دەکرێ وبەچاوی دیتن دەبینرێت وتێدەگا،کەلەم عەسرەداپێشکەوتن وتەرەقی ئەساسی لەسەردووکاردادەمەزرێ:

یەك مەتبووعات، دووەم مەکتەب هەروا بۆسەلماندنی بوونی هەرنەتەوەیەك حوزنی (چاپخانەو قوتابخانە) بەلازم و مەلزووم دەزانێت ووای نووسیوە:


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(هەرمیللەتێکی ئەولازم و مەلزوومانەی نەبوو میللەتی بۆئیسپات ناکرێت وچتێکی ئەحوالی خۆی بە بێگانەودۆست بداتە زانین، ئەوهەردووانەی سەرەوە بۆمیللەت و وەتەن فایدەبکا.لەبەرئەوە سالێك ئەوانەم لەخەیاڵ خانەدا دێنا و دەبرد،تاکوو ئەم مەتبەعەیەم هێنا گۆڕێ بۆنەشریات گەیاندمە رواندز)

حوزنی چاپخانەکەی هێنا گۆڕێ و بۆ یەکەمجار لەمێژووی کوردا چاپخانەی کوردی، بە پیتی کوردی، گۆڤارو کتێبی بۆکورد چاپکرد. وێرای ئازارو مەینەتی ،نەزانی وتێنەگەیشتوی دەوروبەری داماویی، حوزنی دانامێنێ سەرباری تیروتوانج وخەم ودەردو بەڵاوگێچەڵ وشەرفرۆشتنی ئەم وئەو وهەژاری قەرزاری، لەئەنجامی چاپکردنی کتێب وگۆڤار و خزمەتکردنی بواری رۆشنبیری کوردی دا لەنێو پانتاییەك دا بەشی هەرەزۆری جەهل ونەزانی وبەرژەوەندی تەسك و دەست بەکورسی وەگرتن بێت ،حوزنی سکاڵای دڵی خۆی لەدەست نەزانی وئازاری دەوروبەر وانیشاندەدات:

خراپێکی،کە تۆلە من دەبینی

دووپیتە پێتبڵێم با دانەمێنی

یەکی کوردم ،دووەم راستی وتارم

لەوەم زیاتر نییە سوچی نهێنی

حوزنی نەك هەربەرگەی گرفت وکێشەکانی دەوروبەری گرت، بەڵکو بەسەر هەموو سەختی وگرفتەکانی چاپیش سەرکەوت ، ئەوگرفتانەی کەوا تەکنیکی چاپن و لەشارێکی دوورەدەستی وەك رواندز، ئەوبێ گوێ دانەگرفت وئاستەنگەکان توانی پەیامی خۆی بگەێنێت. لەوبارەیەوە هاملتۆن دەڵێ:(لەرواندز سەیدحوزنی ئەفەندی دەژیا.نووسەری گۆڤارێکی خۆجێی کوردی بوو، گۆڤاری مانگانەکەی چاپدەکرد. دانەیەکی بۆنوێنەری بریتانی ودانەیەکی دی بۆکۆمەڵەی گەلان لەجنێف دەنارد.) (سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی موکریانی، ل ٣٩، ٢٠١١).

حوسێن حوزنی موکریانی ژیان وبەرهەم:

ساڵی١٨٩٠ لەمەهاباد لەدایك بووە و لەبەغدا لە٢٠-٩-١٩٤٧کۆچی دوایی کردووە.

لەتەمەنی ١٢ساڵییەوە لەمەهاباد دەردەچێت ودەچێتە ئەستەمبوڵ ولەوێ دەخوێنێ، پاشان بۆخۆپێ گەیاندن دەچێتە وڵاتانی ئەفغانستان، ئەرمەنستان، تورکیا، رووسیا، ئەڵمانیا، فرەنسا، سعودیە.

ئەم گەڕان وسوڕانەی سەرباری ئەوەی بۆبژێوی ژیان وخۆپێ گەیاندن بووە .جگەلەفێربوونی زمانی ئەووڵاتانە هزوهۆشمەندی ورۆشنبیرییەکی فرەوانیشی پێ دەبەخشێت

حوزنی ساڵی١٩١٥ چاپخانەکەی لەشاری حەلەب لەبازاری سویقە دادەمەزرێنێ ولەساڵی ١٩٢٥ کتێبی (خونچەی بەهارستان) چاپ دەکات .لەساڵی ١٩٢٦دا چاپخانەکە دەیگوازێتەوە بۆرواندز. (کوردستان موکریانی ، گۆڤاری هەولێر زستانی ٢٠٠١).

لەنێوان ساڵانی ١٩٢٦- ١٩٣٢لەرواندز گۆڤاری (زاری کرمانجی) چاپ وبڵاودەکاتەوە .ئەم گۆڤارە (٢٤) ژمارەی لێ چاپ وبڵاوبۆتەوە لەماوەی (٦)ساڵی تەمەنیدا هەر(٤)مانگ جارێك ژمارەیەکی لێ بڵاودەبۆوە .

لە٢٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی١٩٣٥ حوزنی لەهەولێر ژمارە(١)ی گۆڤاری روناکی بڵاودەکاتەوە ودواژمارەشی لە ١٦ی ئایاری ١٩٣٦ دەبێت کەژمارە (١١)یە .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەماوەی ساڵانی ١٩٣٤تا١٩٤٣ حوزنی دەچێتە سلێمانی ولەگەڵ پیرەمێرد رۆژنامەی ژیان دەردێنێت و چەندین جاریش چاپخانەکەی پیرەمێرد چاك دەکاتەوەو وەك وەستایەکی کارامە ناهێڵێت چاپخانەکە لەکاربکەوێت .هەروا لەبەغدا لەساڵی ١٩٤٣دا بەشداری لەدەرکردنی گۆڤاری دەنگی گێتی تازەدا دەکات .وەك بەرپرسی بەشی مێژووی گۆڤارەکە لەدەستەی نووسەرانی دەبێت .

حوزنی رۆژنامەنووس، مێژوونووس، چیرۆکنووس وشاعیربووە. پیاوێکی بلیمەتی لەخۆبردووی بەهرەداری پڕبەهەم و رۆشنبیرێکی مەزنی خودان هزروبیری ئەفرێنەرانەبووە. (کوردستان موکریانی ،ل٤٧، ٢٠١٥)

حوزنی یەکەمین کوردە،کەچاپخانەیەکی بەپارە و پولی خۆی کڕیوەو ولەکوردستان دایمەزراندووە، کەبەرلەو هێشتا کوردئاشنای چاپ وچاپخانە و پیت وهەڵکۆلینی پیت ونەخشەو کلێشە وپلێت نەبوو بوو .

حوزنی یەکەمین نووسەری کوردە کەمێژووی کورد و کوردستانی بەزمانی کوردی نووسیوەتە، کەبەر لەو هەرچییەکی دەربارەی مێژووی کوردنووسرابێتەوە بەغەیری زمانی کوردی بووە ، ئەوکە یەکەمین مێژوونووسە ،بەباوکی مێژوونووسانی کورد دادەنرێت ،هەروا حوزنی یەکەمین نووسەریشە کەوشەی (مێژوو)ی لەبری (تاریخ)ی عەرەبی بەکارهێناوە ،وشەیەك پڕبەواتای خۆی کە وشەکە (مێژوو) ی لەوشەی (لەمێژە) داهێناوە. داهێنەران کەئەفرێنەر و دەستپێشخەرن لەبواری مێژوودا هەروەك حوزنی وان ،ئەویش (١٨) کتێبی دانسقەی مێژووی لەچاپخانەکەی خۆیی دا چاپ کردووە .

حوزنی چیرۆکنووس وشاعیربووە،لەبواری هونەریووە خۆشنووس بووە، مۆرهەڵکەنبووە، نەخشەکێش وکلێشەی زۆربەی هەرەزۆری بەرگی کتێبەکانی چاپخانەکەی لەسەرداری کەوێت هەڵکەندووە . لەم بارەیەوە هاملتون وا وەسفی کارو بەرهەمی حوزنی دەکات: (کوردستان موکریانی ،ل٤٨، ٢٠١٥)

(سەید حوزنی ئەفەندی نووسەری گۆڤارێکی خۆجێی کوردی بوو .نووسین، چاپکردن وقەدکردنی گۆڤارەکەی هەمووی بەدەستی خۆی دەیکرد،لەدونیادا تاکەو رۆژنامەنووسێکی ئاوا لەجیهاندا نییە. تیپی چاپخانەکەی لەداربەڕووی بناری شاخەکان بەدەست دروست دەکرد،ساف ولووسی دەکرد وتیپ ونەخشەی پێویستی لەسەرهەڵدەکەند،جامەرەکەبی دەخستە سەرپلێت و چاپیانی دەکرد) حوسێن حوزنی موکریانی ،ل٨٠ ، ٢٠١١.

حوزنی وگیو یەکەمین کوردبوون، کەئامێری کامیرایان هێناوەتە کوردستان و وێنەی سەدان رۆشنبیرو سەرکردەی کوردو خەڵکی کوردستانیان پێگرتووە وبەهۆی بوونی ئەوئامێری کامیرەیە لەشاری هەولێر سەدان کەس وکەسایەتی نێوکۆمەڵگای کوردستان و شاری هەولێرمێژووی ژیان و قۆناغەکانی ژیانی خۆیان پێ تۆمارکردووە ،ئەوەشیان روویەکی دیکەی ژیانی شارستانی و کەلتووری کوردیمان پێشاندەدات.

٢٠١٤. ٣٢Мухамед Хидир Мовлуд . Луганск.р

حوزنی بەرهەمێکی زۆری بەزمانی کوردی نووسیوە و لەچاپخانەکەی خۆی چاپیکردوون و بڵاویکردوونەتەوە:

١. خونچەی بەهارستان.حەلەب ١٩٢٥

٢ ـ خۆشی وترشی .رەواندز ١٩٢٦

٣ ـ ئاورێکی پاشەوە .(٤) کتێب لەساڵانی ١٩٢٩- ١٩٣٠- ١٩٣١- ١٩٣٢

٤ ـ مێژووی ناودارانی کورد هی عەسری سێزدەمینی هیجری لەساڵی١٢٠٠هەتا ١٣٠٠ هـ .رەواندوز ١٩٣١


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٥ ـ دێرێكی پێشكەوتن ـ مێژووی دوو دەوڵەتی مەزن . ڕەواندوز ـ هەولێر ١٩٢٧- ١٩٦٢

٦ ـ تاریخی حوكمرانی بابان لەكوردستانی شارەزوور و ئەردەلاندا .ڕەواندوز ١٩٣٠

٧ ـ مێژووی كوردو نادر شا لەخاكی ئێرانا. ڕەواندوز١٩٣٤

٨ ـ مێژووی شاهەنشاهی كوردی زەند. ڕەواندوز١٩٣٢

٩ ـ مێژووی میرانی سۆران. ڕەواندوز١٩٣٥- هەولێر١٩٦٢

١٠. كوردستانی موكریان ڕەواندوز .

ئەمانەو چەندین كتێب و وتاری حوزنی لەلایەن د.كوردستان موكریانی پێداچوونەوەی بۆكراوەو ئامادەی چاپكراونەتەوە لەوانە:

Мухамед Хидир Мовлуд . Луганск.р ٣٨. ٢٠١٤

١. هەڵكەوتی دێریكی لەكوردستاندا . دەستنووسی ساڵی ١٩٤٧ .چاپی هەولێر١٩٩٩

٢. شاری سلێمانی لەساڵی١٩٣٤دا. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە١٢٠. ساڵی١٩٨٩

٣. شاری كۆیە لەپایزی ساڵی١٩٣٥ دا. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە١٢١ ساڵی١٩٨٩.

٤. چوونە هەولێرم و مەتبەعە دامەزراندنم وجەریدەی ڕووناكی دەرخستنم لەهەولێر. گۆڤاری هەولێر.زستانی ٢٠٠١

ئەوانەی سەرەوە ناونیشانی چەند بەرهەمێكی حوزنی بوون ، سەرجەمی بەرهەمەكانیشی لەدووتوێی دووبەرگ دا لەساڵانی ٢٠٠٧و٢٠١١دا لەبڵاوكراوەكانی ئاراس لەهەولێر چاپ وبڵاوكراونەتەوە.

## چوارەم: گیوی موكریانی و دامەزراندنی چاپخانەی كوردستان

لەمێژووی دامەزراندنی چاپخانەی كوردستان دا لەشاری هەولێرچەند قۆناغێك هەیە پێویستە لەسەری بووەستین و تیشكی بخەینەسەر لەو قۆناغانەش دا وێنەیەكی تەواوی دامەزراندنی یەكەمین چاپخانەی كوردیمان لەكوردستان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

كاتێ حوزنی موكریانی ئامێرێكی چاپ لەئەڵمانیا دەكڕێت و لەرێكەوتی ١٥-١-١٩١٥ لەشاری حەلەب دایدەمەزرێنێت .لەوماوەیەدا حوزنی كتێبی (خونچەی بەهارستان ١٩٢٥) لەوێ چاپدەكات . بەرلەومێژووە گیوی موكریانی برای لەتەمەنی ١٠ساڵی دا مەهاباد جێ دێڵێ و لەگەڵ باوكی ڕوو لەشاری حەلەب دەكات و لەگەڵ حوزنی برای دەژێت . ئەو كەلە ساڵی١٩٠٣ لەمەهاباد لەدایك بووە ،ساڵی ١٩١٣ لەحەلەب دەگیرسێتەوە. ساڵی ١٩٢٥ لەگەڵ حوزنی دێنەبەغداو پاش ماوەیەك ڕوو لەشاری ڕەواندز دەكەن و لەساڵی ١٩٢٦ چاپخانەی زاری كرمانجی دادەمەزرێنن. (نزارجرحیس، ص١١٧، ١٩٨٨).

دوای دامەزراندنی چاپخانەكە برایانی موكریان ،گۆڤارێكیش بەهەمان ناو (زاری كرمانجی) چاپ وبڵاودەكەنەوە. لەبارەی گۆڤارو چاپخانەكە هاملتون نووسیویەتی: (سەید حوزنی تابلۆیەكی لەمس دروستكراوی لەسەر دەرگەی هەڵواسیبوو،لەسەری نووسیبوو زاری كرمانجی بەواتای شین و گرینی كورد، كەناوی گۆڤارەكەشێتی) .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

گیو لەماوەی ساڵانی ١٩٢٥-١٩٢٩بەڕێوەبەری کارگێری گۆڤاری زاری کرمانجی بووەولە کۆتای ساڵی ١٩٢٩ چۆەتەوە مەهاباد و لەوێ ستۆدیۆی وێنەگری دامەزراندوەو کلاسێکیشی بۆ گوتنەوەی زمانی فرەنسی کردۆتەوە. پاش ١٠ساڵ ولەکۆتایی سییەکاندا دێتە هەولێرو لەساڵی ١٩٤٠دا ستۆدیۆی وێنەی هونەری دادەمەزرێنێ.

لەساڵی ١٩٣٥ حوزنی ئامێرێکی دیکەی چاپی لەموسڵ کرِی و هێنایە هەولێر و لەوماوەیەشدا حوزنی بەهاوکاری پارێزەر شیت مستەفا گۆڤاری رووناکی چاپ وبڵاودەکاتەوە. د.فائق بگی (ص٤٨ ـ٥٣ ) و(٨٤٤ ـ ٨٥١) ٢٠١١.

لەساڵی١٩٤٧ دوای ماڵئاوایی وکۆچی دوایی حوزنی ،گیوی برای ئامێری چاپەکەی رواندز دێنێتە هەولێرو لە ١٠-١٠-١٩٤٧ هەردوو ئامێری چاپەکە لەشەقامی مزەفەرییە لەهەولێر بەناوی چاپخانەی کوردستان دادەمەزرێنێ.واتە لەساڵی ١٩٤٨بەرەوسەرەوە دەبێتە خاوەنی چاپخانەی کوردستان. د.فائق بگی (ص٤٨ ـ٥٣) و(٨٤٤ ـ ٨٥١) ٢٠١١.

لەومێژووەوە چاپخانەی کوردستان سەرباری چاپکردنی گۆڤاری هەتاو لە١٥-٥-١٩٥٤تا٣٠-١٠-١٩٦٠چاپکردنی چەندین کتێبی برایانی موکریان ونووسەرانی کورد بەخۆوەدەبینێت. هەرلەسەردەمی گۆڤاری هەتاویش دا گیو ساڵی ١٩٥٩ ئامێرکی دیکەی چاپ لەئەڵمانیا دەکرِێت ولەچاپخانەکەی دا دایدەمەزرێنێ .تا گیوی موکریانی لەژیان دابوو بەرهەمی چاپخانەکە چاپکردنی نزیکەی ١٠٠کتێب و چەندین گۆڤارە، سەرباری چاپکردنی کلێشە وکارت و دەفتەری کەسی وتایبەتی بۆ بۆنەکان و کاروباری تایبەتی کەسی و دەوڵەتی.

## پێنجەم : گیوی دانەمۆی چاپخانەی کوردستان

کە دەگوترێت چاپخانەی کوردستان دەبێ بڵێین چاپخانەی گیو، چونکە گیو وەك جەمال بابان وەسفی کردووە: بۆ کورد (کارمەندی چاپخانە، تایپێست، زمانزان، رۆژنامەنووس فەرهەنگنووس، نووسەربوو). گیو پیاوێکی داهێنەر و بەبەرهەم بوو.شارەزایی لەزمانی کوردی، فارسی، عەرەبی، ئازەری، ئینگلیزی وفرەنسی هەبوو.

گیوموکریانی بەباوکی فەرهەنگی کوردی دادەنرێت ،چونکە ئەم فەرهەنگانەی نووسیوە:

١ـ فەرهەنگی رابەر. عەرەبی ـ کوردی، چاپخانەی کوردستان هەولێر ١٩٥٠

٢ـ فەرهەنگی کۆلکەزێرینە .کوردی ـ فارسی ـ عەرەبی ـ فرەنسی ـ ئینگلیزی. چاپخانەی کوردستان، هەولێر چاپی یەکەم ١٩٥٥. چاپی دووەم ١٩٦٦.

٣ـ فەرهەنگی مەهاباد.کوردی ـ عەرەبی. چاپخانەی کوردستان، هەولێر ١٩٦١.

٤ـ فەرهەنگی کوردستان. کوردی ـ کوردی . هەولێر و ئیستەمبول لەبڵاوکراوەکانی دەزگەی چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس ٢٠٠٠.

٥ـ فەرهەنگی نۆبەرە عەرەبی ـ کوردی. لەبڵاوکراوەکانی دەزگەی چاپ وبڵاوکراوەی ئاراس . هەولێر ٢٠٠٥.

٦ـ Ferhengi Kurdistan.Enstituya Kurid.Amed ٢٠٠٤.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٧- فەرهەنگی مەهاباد.کوردی - عەرەبی .چاپی دووەم ،لەبڵاوکراوەکانی دەزگەی چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس . هەولێر٢٠١٢ . (حوسێن حوزنی موکریانی ، ل٤٥، ٢٠١١)

ئەوانە ئەوکۆمەڵە فەرهەنگ بوون کەگیو بەشی زۆریانی لەژیانی خۆیی دا لەچاپخانەی کوردستان لەهەولێر لەچاپداون و بۆ لەچاپدانی هەندێکیشیان گرفتی زۆری هاتۆتە پێش. لەدوای ماڵئاوایش گرفت وچەرمەسەرییەکە بۆ دکتۆر کوردستانی کچیشی جێدەمێنێ .هەرسێ فەرهەنگی (رابەر، نۆبەرە، کوردستان) بۆلەچاپدانەوەیان نەکۆڕی زانیاری کورد لەبەغدا لەو کاتەی هێشتا گیولەژیاندامابوو ،نە زانکۆی سلێمانی ونەزانکۆی سەلاحەددین لەهەولێر لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو شانیان نەدایە بەر چاپکردنیان وهەرجارەی بەبیانۆیەك. بیانوی هەرەگەورەش لەوە دابوو کەرژێمی ئەوسای عێراق بەعسی عەرەبی، دەستی هەبوو لەبەچاپ نەگەیاندیان، تاواپێشان نەدرێت کەزمانی کوردی زمانی نەتەوەیەکی سەربەخۆیە وزمانێکی دەوڵەمەندی خاوەن هەزاران وشەیە هەروەك لەفەرهەنگی نۆبەرە (الباکورە) دا رەقیبە عەرەب و کوردەکە پێ یان سەیر بوو کورد تەنیا لەفەرهەنگێکی قوتابخانەیی دا خاوەنی (٢٥٠٠٠وشە)بێت .. بەداخەوە هەندێ لەنووسەری کوردیش لەبەغدا و لەکۆری زانیاری غەدرێکی زۆر لە گیو دەکەن و هەرجارەی بەبرِوبیانوویەك فەرهەنگەکانی ئەتك دەکەن و سەدان وشەشی لێ دەدزن و ئەندامانی لیژنەش لەپای کۆبوونەوەی (لیژنەی چاپکردنی فەرهەنگ) هەفتانە، لە ماوەی دووساڵ ونۆمانگ و هەفتەیەك دا پاداشتیان پێ وەرگرتووەوگیرفانیان پێ گەرم کردووەولەولاوەش گیویان فریووداوە و فەرهەنگەکانییش وشەیان لێ دزراوەو سورگوم کراون. ( کوردستان موکریانی،ل١٩، ٢٠١٥)

دیوانی شاعیرانی کورد شاکارێکی دیکەی گیو وچاپخانەی کوردستان:

لەشاکارەکانی دیکەی بەرهەمی چاپکراوی گیوی موکریانی لەپاڵ فەرهەنگەکانی ،دیوانی شاعیرانی کوردە. لەم بوارەدا گیو دیوانی دەیان شاعیری کوردی کۆکردۆتەوەو ئامادەیکردوون و بەچاپی گەیاندون. ئەم پرۆژەیە،کەلەساڵی ١٩٥٣ بەچاپکردنی دیوانە شیعری حاجی قادری کۆیی دەست پێ دەکات ، بەیەکێك لەو پرۆژە مەزنە ئەدەبی - نەتەوەیی و شاکارانەی گیو دادەنرێت کە بەتەنیا باڵی ولەسۆنگەی خۆشەویستی خۆیەوە بۆ ئەدەبی کوردی وبەرزی گیانی نەتەوەیی نیشتیمان پەروەریی، بەرهەمی شیعری و ئەفراندنی شاعیرانی کورد لەفەوتان رزگاردەکات. گیو لەم کارەی دا بەچاپکردنی (١٢) دیوانەشیعری شاعیرانی کورد کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند دەکات ونەوەیەکی خوێنەری رۆشنبیردێنێتەبەرهەم وبۆ ئایندەش ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی بەدیوان وکتێبەکان سەرقاڵی لێکۆڵینەوەوتوێژینەوەی ئەدەبی دەکات. ئەم دیوانە شیعریانە بریتین لە:

١- دیوانی حاجی قادری کۆیی، چاپخانەی کوردستان، هەولێر ١٩٥٣چاپی یەکەم، ١٩٦٢چاپی دووەم .

٢- دیوانی تاهیربەگی جاف. چاپخانەی کوردستان هەولێر ١٩٦٦

٣- ئەحمەدی خانی. مەم وزین. چاپخانەی کوردستان . هەولێر١٩٦٨

٤- دیوانی ئەحمەد موختاربەگی جاف. چاپخانەی کوردستان. هەولێر١٩٦٩

٥- دیاری مەلا محەمەدی کۆیە. چاپخانەی کوردستان. هەولێر١٩٦٩

٦- دیوانی سالم. چاپخانەی کوردستان. هەولێر ١٩٧٢

٧- دیوانی نالی. چاپخانەی کوردستان . هەولێر ١٩٧٢

٨ـ ديوانی دڵدار. چاپخانەی كوردستان. هەولێر١٩٧٣

٩ـ ديوانی ساقی چاپخانەی كوردستان. هەولێر١٩٧٣

١٠ـ ديوانی كوردی. چاپخانەی كوردستان ١٩٧٣

١١ـ ديوانی ئەدەب. چاپخانەی كوردستان. هەولێر١٩٧٦

١٢ ـ ديوانی ئەديب. چاپخانەی كوردستان. هەولێر١٩٧٦ (موكريانی، ل ٨٥، ٢٠١٥ )

ئەوانە وەك ديوان وشاكاری شيعری شاعيرانی ناوداری كورد خانی، نالی، حاجی قادر، سالم، كوردی، دڵدار وساقی و...تد وەك شيعرو بەرهەمی هەندێ لەشاعيرانی هاوچەرخيش لە دووبەرگ دا بەناوی (كەشكۆڵی گيو ـ ١٩٨٦بەغداو ١٩٨٨ هەولێر) لەلايەن كوردستان موكريانی ئامادەوپێداچوونەوەی چاپی بۆكرا، كۆمەڵێ شيعرو بەرهەمی ئەدەبی شاعيران ونووسەرانی هاوچەرخی پەنجاوشەستەكانی سەدەی رابردووی گرتە خۆی .جێی بيرهێنانەوە گيوتەنيا سەرجەم بەرهەمە شيعرييەكانی دڵداری شاعيری (ئەی رەقيب) ی لەديوانێكی سەربەخۆدا چاپكردوە.

سەرباری چاپكردنی ئەوفەرهەنگ وديوانەشيعرييانەی شاعيرانی كورد، گيو چەندين كتێبی هزری وبەرهەمی بيری خۆشی چاپكردووە كەهەريەكەيان بايەخی تايبەتی هەيە، هەرلە كتێبی (ناوی كچ وكوڕانی كوردی .چاپخانەی كوردستان . هەولێر١٩٥٨) ،تا كتێبی (بۆ پێكەنين .هەولێر١٩٦٥) و كتێبی (ئەلفوبێی وێنەدار بەتيپی لاتينی .هەولێر هەردووچاپی ١٩٦٠و١٩٧٣).

بايەخ وگرنگی ودامەزراندنی چاپخانەی كوردستان بۆ كوردستان بەگشتی وشاری هەولێر بەتايبەتی لەماوەی ١٠٠ساڵی تەمەنی دا ، حەلەب ١٩١٥ ـ هەولێر ٢٠١٥ لەم دوو خاڵە دا خۆيان دەبيننەوە:

١ـ لەساڵی ١٩١٥ وە دەوڵەتی عوسمانلی ساڵانی كۆتايی تەمەنی بەرێدەكردو هەرچەندە پياوە نەخۆشەكە لەكەوتنی يەكجارەكی نزيك دەبۆوە، زمان وكەلتوری عەرەبی، خەريك دەبوو لەجياتی زمانی توركی عوسمانلی وكەلتورەكەی جێ بەزمانی كوردی و دابونەريتی كوردەواری لەق بكات ولەبری توركچێتی وعوسمانچياتی، عەرەبچياتی جێی بگرێتەوە ،سەرهەڵدانی برايانی موكريان ودامەزراندنی چاپخانەكەيان لە هەولێر هۆكارێكی گاريگەردەبێت بۆبايەخ دانی زياتر بەزمان و ئەدەبی كوردی و لەپەنای ئەوەشەوە بەبيری كوردايەتی ونيشتمانپەروەری، دكتۆر وريا عومەر ئەمين لەبەشێكی بيرەوەريەكەی دا واباسی گيو و چاپخانەكەی دەكات: (ئەوەی بچووبايە ناوبازار يەكەم شت چاوی بە چاپخانەكەو جامخانەرازاوەكەی بە كتێبی كوردی وناوە درەوشاوەكەی كوردستان دەكەوت. سروودی چەقەچەقی مەكينەكەی دەبيست كەوەك سيمفۆنيايێكی نەتەوەيی كتێب وگۆڤارو بڵاوكراوەی كوردی پێ چاپدەكرا. (ئەمين، ٢٠٠٠، ل١١)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەمانە بۆخۆیان بەیاننامەیەکی سیاسیی کوردایەتی بوون کە دەورێکی باڵایان گێرا لە ڕواندنی هەستی نەتەوایەتی وکوردایەتی لە دڵ و ناخ ودەروونی خەڵك ولاوانی شاری هەولێر ئەوساکە). سەربارى ڕۆڵی ڕاستەوخۆو ناراستەوخۆی چاپخانەوچاپەمەنی بۆ دروستکردنی هوشیاری نەتەوەیی لەنێو کۆمەڵگای شاری هەولێر وکوردستان دا ،بەتایبەتیش لەدوای جەنگی دووەمی گێتی وسەرهەڵدانی هزری نەتەوەیی و ڕاپەڕین وشۆڕشی نەتەوەیی کورد بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکەیدا. (ئەمین، ٢٠٠٠، ل١١)

٢. ئاشناکرنی مرۆڤی کورد بەئامێری چاپ و چاپخانە وهونەری چاپکردنی کتێب وگۆڤارو ڕۆژنامە. ئەوەیان تەنیا هەرگەیاندنی پەیام و ئەرکی ڕۆژنامەنووسی نەبووە، بەڵکو چاپخانەش بۆئەوسای کۆمەڵگا، وەکو قوتابخانە، ئەرکی پەروەردەیی ورۆشنبیری و خوێندەواریشی لەئەستۆ بووە، بۆ ئەوسەردەمەی کۆمەڵگای کوردەواریی کەبەشی هەرەزۆری لەنێو بارودۆخی ناهەمواری و هەژاری و نەخوێندەواری دا دەژیا، بوونی چاپخانەی کوردستان بەخاڵی هوشیارکردنەوە وەرچەرخانی ڕۆشنبیری کوردی دادەنرێت لەشاری هەولێرو کوردستان دا .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەکان:


**بەزمانی کوردی:**

١. سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی موکریانی ، بەرگی یەکەم و دووەم . چاپی دووەم . بڵاوکراوەی ئاراس هەولێر ٢٠١١.

٢. رابەری رۆژنامەگەری کوردی، جمال خەزنەدار بەغدا ١٩٧٣.

٣. د.مەغدید سەپان، ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٥٠٠-١٤٥٠، چاپخانەی خانی دهۆك، ٢٠٠٨.

٤. ئەحمەد، د. کەمال مەزهەر: تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد-١٩٧٨

٥. فەرهادپیربالْ، چەند باسێك لە بارەی مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٦. دوانامەی گیوبۆکۆڕی زانیاری کورد .کوردستان موکریانی .چاپی دووەم هەولێر ٢٠١٥.

٧. مێژووی چاپخانەی کوردستان .چەند پەرەگرافێکە لە ئامادەکردنی دکتۆر کوردستان موکریانی بۆ یادی ١٠٠ساڵەی چاپخانەی کوردستان حەلەب ١٩١٥ ـ هەولێر٢٠١٥

٨. گیوی موکریانی لەئەرشیفی بیرەوەریمدا . د.وریا عومەر ئەمین . هەولێر لەیادی ١٠٠ ساڵەی دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان .

٩. چوونە هەولێرم و مەتبەعە دامەزراندنم و جەریدەی روناکی دەرخستنم لەهەولێر . کوردستان موکریانی ، گۆڤاری هەولێر زستانی ٢٠٠١.

١٠. چەند لایەنێکی رۆژنامەگەری کوردی ،حەمە سالح فەرهادی .بەغدا ١٩٨٨.

**بەزمانی عەرەبی :**

١. تاريخ الصحافة الكردية في العراق. جبار جبارى بغداد ١٩٧٥.

٢. نزارجرحيس، صحافة اربيل، بغداد ١٩٨٨.

٣. د.فائق بطى، الموسوعة الصحفية الكردية في العراق. (ص٤٨ -٥٣ ) و(٨٤٤ ـ ٨٥١) بيروت ٢٠١١.

٤. رشيد طعمة، تحليل المعنوي في العلوم الانسانية، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٨٧.

٥. محمد منير صحاب، اساسيات البحوث الاعلامية و الاجتماعية، دار الفجر و النشر و التوزيع، القاهرة ٢٠٠٦ .

٦. ابراهيم قندلجي/ البحث العلمي و استخدام المصادر المعلومات، دار الشؤون الثقافية ، بغداد ١٩٩٣.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**بەزمانی رووسی :**

١- Пресса Украины и Иракского Курдистана в переходный период становления демократии ,, Мухамед Хидир Мовлуд . Луганск ٢٠١٤

**رۆژنامەگەری ئوکراینا و کوردستانی عێراق لەقۆناغی گواستنەوە بۆ دیکوکراتیەت . نامەی دکتۆرا: محەمەد خدر مەولود .لوگانسک ٢٠١٤ .**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)